Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.02 22:14:18 +01'00'

# سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان..!!

ئەردەشێر شۆڕش/کوردستان/ کەرکوك/ ardasher21@hotmail.com

لە کێشە و ململانێیەك لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان هەر لایەنە و بەپێی ستراتیژ و تاکتیکی کە بڕوای پێی هەیە دەیەوێت تا بۆی بکرێت دەسکەوت لەلایەنی بەرامبەر دابپچڕێت، بۆیە هەوڵدەدات ئەو کارتانەی کە سەرچاوەی هێزیەتی بەشێوەیەکی زیرەکانە بەکاری بهێنێ لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجەی کە بۆخۆی دایناوە. ئیتر ململانێیە گەرمە سەربازییەکان، هەوڵدەدرێت زۆرترین زیان بە لایەنی نەیار بگەیەندرێت بە کەمترین مەسرەف و زیان ئەمە نهێنی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەر بزاڤێکە لە جیهان و رێسایەکە گەر لایەنێك چ سیاسی بێت چ سەربازی لێی لابدات تووشی نوشوستی و دۆڕان دەبێت، ئیتر ئەگەر دروشمی(سەربەخۆیی کوردستان) بەهۆی بێ پشتیوانی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانی و نا بەرامبەری هێزەکانی کورد و داگیرکەرانی بەدرێژایی زیاتر لە هەشتا ساڵ واتا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بێتە خوارەوە بۆ(ئۆتۆنۆمی)،(حوکمی زاتی)،(لا مەرکەزی)،(فیدرالی)، ئەم دروشمانەی لە کاتی پراکتیك کردنی لەگەڵ ناوەند، هیچی لێ شین نەبووە، چونکە لە بنەڕەتدا حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بڕوایان بە دیموکراتی و ئازادی نەبووە بۆ گەلەکەی خۆیان، ئیتر چۆن دێن(ئۆتۆنۆمی–فیدرالی) دەدەن بە کورد، بۆیە ئەم دروشمە بە تایبەتی لە کاتی دانوستاندنەکان زۆر لە پەشیمانبوونەوە لە شۆڕش و خۆبەدەستەوەدان دەچوونەك بەدەستهێنانی مافی گەلێکی بەشخوراو، ئێستا جیهان سەرتاپای گۆڕاوە، کورد لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەقلیمی نەماوە، کورد لەسەر ئاستی زلهێزێکی وەك ئەمەریکا دۆستایەتی دەکرێت و پشتیوانی لێ دەکرێت، کەچی دەبینین پاشماوەی سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان و بێ مەرجی بەرامبەر لایەنە نەیارەکانی کورد مساوەمە کردن لەسەر ئالاَ و ناسنامە و پاشماوەی تەعریب و دۆستایەتی کردنی کۆنە بەعسیەکان(عفا الله عما السلف) لەوەی کردویانە، هەر ماوە و لە نێو هەندێك لە سیاسەتمەدارانەوە پیادە دەکرێت و هیچ پاساوێکی نیە چونکە کورد لە سەردەمی نوێ ستراتیژ و تەکتیکی خۆی نەگۆڕێت و کە لەسەردەمێ و بێ پشتیوانی پیادەی دەکرد، ئێستا ئەو سیاسەتە بێجگە لەوەی دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی خوێنی هەزاران شەهید و کاولبوونی چوار هەزار گوند و 182000ئەنفال و 8000 بارزانی و هەرهێزێکیش پیادەی بکات دەبێتە هۆی پەراوێزبوونی خودی ئەو هێزە و نەمانی سەنگ و کێشی لە تەرازووی هێزەکان و هاوکێشە سیاسیەکان. ئیتر با هەموو دەست لەدەست بەیەك بەرنامە کە هەڵقولاَوی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانە داواکانمان بخەینە رووی نەیارەکانی کورد، نەك بکەوینە پێشبڕکێی لە مساوەمەکردن و خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرج.